# پێلاو

هۆتێلی شوشەیی شار، ئەو شەوە، زیاتر لەجاران، جمەی دەهات لە مێوان. ئەو شەوە، نمونەی تێکقژقژانی مرۆڤەکانی سەردەم بوو. ئەو شەوە، هەرچی دەوڵەمەند و بازرگانی شار هەبوون کۆببونەوە بۆگوێگرتن لەو مۆسیقایەی کە بە ئیقاعی ئاڵۆزی سەردەم، گوێشی، وەکو هەستی دەروون، بێبەش نەدەکرد لە بێئارامی و ماندوویی. ئەو شەوە، هەموویان بە دڵخۆشیەوە هاتبوون سەرخۆش بن. هاتبوون بۆ ئەوەی بتوانن تاوێك دوورکەونەوە لە رۆتین، دوورکەونەوە لەدەستپێکردنی رۆژ بەبیری ماندوو و کۆتایی هێنانی شەو بە ژماردن و کۆکردنەوە. ئەو شەوە، لەسەرەوە هەموویان خەریکی پیاهەڵدان و خۆهەڵکێشان و خۆشەویستی و درۆ بوون، لەژێرەوەش، هەرهەموویان تامەزرۆیی نامووسی یەکتر بوون. ئەو شەوە، نۆتەکانی مۆسیقا، رەفتار، درۆکان، سەما، پێکەنین، دەستەکانی سەرمێز، قاچەکانی ژێر مێز......... هەموو شتێك لەیەك دەچوو.

گۆرانیبێژان بەسەر ئەم و ئەویاندا هەڵدەگووت و مۆسیقاژەنانیش نۆتە ناسازەکانیان مەزاد دەکرد. ناحەقیان نەبوو، ئەو شەوە سەرخۆشە نەبوایە، تۆنە هەرزانەکانیان قەت ئەو بەها گرانەی نەدەکرد.

لەسووچێکی پشت دەرگای هۆڵەکەشدا، ئەویش سندووقە رەنگاوڕەنگەکەیی و کورسیە داپۆشراو بە قەدیفەکەی خۆی چەقاندبوو. ئەو تەنیا چاوی لەپێلاو بوو، قەدەریش پێی رەوا بوو ئەو هەموو ژیانی لە چاوەڕوانی پێلاو بەسەر ببات. ئەوەندە لە پێلاو راما بوو تا وای لێهاتبوو لەهەموو پێلاو فرۆشەکانی شار باشتر شارەزای جۆر و مۆدیلەکانی ببوو. ئەوتەنیا بەپێلاو مرۆڤەکانی دەناسیەوە، بۆ ئەو لە ئاهەنگ و مۆسیقا و دەوڵەمەند و ناودارانی شار، تەنیا پێلاوەکان گرنگ بوون. هەر بە پێلاو دەیتوانی کەسایەتی و پلەو پایەو تەنانەت جۆری رەفتاریش لەیەك

<u>پێڵاو</u>

جیا بکاتەوە. باش شارەزا ببو، کێ چ پێڵاوێك لەپێدەکات، هەربۆیەش، بەبێ سەیرکردنی دەم و چاو، دەیزانی لەبەر کام پێڵاو هەڵدەستێتەوەو کامیشیان پشتگوێ دەخات. ئەو لەهەموو میوانانی هۆتێل دڵخۆشتر بوو کاتێك پێڵاوێك بەرەو لای دەهات، خەمگینترین کەسیش بوو، کە پێڵاو بە وێدا دەڕۆیشت و لەبەردەمی ئۆقرەی نەدەگرت. بەدەست خۆی نەبوو، هەموو دونیای لە پێڵاو دەبینی، ناحەقیشی نەبوو، قەدەر نوسیبووی کە تادەمرێت نانی لەدەست پێڵاو بێت.

هێمنی بۆیاخچی، ئەگەر چی سەری دەقگرتو ببو لەتەنیا سەیرکردنی پێڵاو، بەڵام تابڵێی سەربەرز بوو. بەو تەمەنە تازە گەنجەی خۆیەوە، وەکو پیاوێکی لەخۆگەڕایەوەی بەتەمەن دەهاتە بەرچاو. دەیزانی ئەوەی چاوی لەدەستی ئەم و ئەو بێت بۆ ژیان، هەموو ژیانی خۆی بە مردوویی بەسەر دەبات، بۆیە لەگەڵ ئەوەی کارەکەی تەواو بێزاری کردبوو، بەڵام ئاسودەبوو بەوەی کە نانی لە دەستی پێڵاوە نەك مرۆڤ. زۆر شوکرانەی قەدەریشی دەکرد کەکردویەتی بە بۆیاخچی باشترین هۆتێلی شار، چونکە دەیزانی دەیان گەنج و مێرمنداڵی گەڕەکەکەیان ئیرەیی بە ژیانی ئەو دەبەن و بە ئاواتی کارەکەیەوە خەو دەبینن.

لەشەوێکی جەنجاڵی وەك ئەو شەوە، ئەو لەهەموو ئەوانەی لە هۆڵەکەدا بوون باشتر دەیزانی چی دەگوزەرێت، چونکە ئەوان تەنیا سەر مێزەکانیان دەبینی، ئەویش هەموو ئەوپێڵاوانەی دەبینی کە لە ژێر مێزەوە بەرەو قاچوقوولی ژنان دەخزان. هێمن واقی وڕ دەما کەدەیبینی دوو پیاوی سەر یەك مێز، دەستیان لەناو دەستی ژنەکانیانەو لەژێرەوەش پێڵاو لە پێڵاوی ژنەکانی‌یەکتر دەخشێنن، بەڵام ئەوەی بەلایەوە گرنگتر بوو، تەنیا پیس بوونی پێڵاوەکانیان بوو. هێمن کە لە هەموو ژیانی حەزی لەخیانەت نەدەکرد، لەو ساتانەدا پێیخۆشبوو هۆڵەکە ببێتە یەکپارچە پێڵاو لەیەکخشاندن تا بازاڕی گەرمتر بێت و بەگیرفانێکی پڕ بەرەولای دایکی هەمیشە چاوەڕێی بگەڕێتەوە.... تێنەدەگەیشت بۆچی ئەوان هەستیان لە ڕێی



2

<u>پێڵاو</u>

پێڵاوەکانیان دەگۆڕنەوە، بەلأم لەخۆبایی بوو کە خۆی، بەو سادەیەوە، دەست لەناو دەستی گوڵچینی دراوسێ و خۆشەویستی دەنێت، ماقوولانی شاریش، بۆخۆشەویستی، پێڵاو لەیەکتر دەخشێنن.

ئەو شەوە ژیانی ژن و مێردایەتی هەموو میوانانی هۆڵ لەبەر دەستی ئەو دابوو. ئەو باشترین کەس بوو بزانێت کام پێڵاو لەگەڵ کامەیان جووتە، بەلأم ئەم نهێنیەی قەت نەدەدرکاند، چونکە دەیزانی تا قاچ لەیەکخشاندن بەردەوام بێت، پارەی ئەو شەوە زیاد دەکات. بۆیە کاتێك دوو پێڵاو بەرەو یەکتر دەخزان، ئەو دەگەشایەوەو وەکو تەماشاکەری فووتبۆڵ هاواری دەکردو هانی دەدان.

لەناوەڕاستی ئاهەنگدا، چەندین پێڵاو لای هێمن نۆرەی گرتبوو و هۆڵەکە نیوە بەتاڵێکی لێهاتبوو. هەریەکەو بیانویەکی بۆپێڵاو پیس بوونەکەی دەدۆزیەوە. ئەم دەیگوت گارسۆنەکە، ئەو دەیگوت لەکاتی سەمادا، یەکێکی تر سوێندی دەخوارد، منداڵەکەم. پێڵاو ببوە بابەتەی سەرەکی زۆربەی میوانە ناودارەکانی شار.

ئەویش لەنێو ئەم جەنجاڵیە و گەرەلاوژە پڕ لەدرۆیەدا تەواو کاس ببوو. ئەو کە تەنانەت لە ووشەی پێڵاو بێزارە، ئەمانیش هەموو قسەکانیان بە پێڵاو دەستی پێدەکرد و کۆتای دەهات "....... پێلأو ... پێلأووو ..... پێلأوووی ..... پێلأوووت..... پێلأوووم ..... تۆ ...... من ...... پێلأوووووو ........."

مۆسیقا تا دەهات بە تینتر دەژەنرا، بەلأم زۆربەی میوانانی هۆڵ بیریان لای پێڵاوەکانیان بوو. سەما و خواردن و خواردنەوە و خۆهەلکێشانیش هەمووی ڕاگیرا تا پێڵاوەکان پاك بکرێنەوە.

<u>پێڵاو</u>

ئەو ژن و مێردانەی دەست لە ناو دەست لەسەر مێزەکان دانیشتبوون، بە جیا و بەدزی یەکەوە بۆ پاکردنەوەی پێڵاوەکانیان روویان لەو دەکرد. لەو ساتانەدا، هێمن بەقەشەیەك دەهاتە بەرچاو کە لە گوناهەکان دەبەخشێت بێ‌ئەوەی گوێ لە دانپیێدانی تاوانەکان بگرێت.

سەمای دوای نیو سەرخۆشی بە تەواوی گەرم داهات و بازاڕی ئەوی سارد و سڕ کرد. قریشکەی گۆرانی بێژو زریکەی مۆسیقا ئەو ناوەی دەتەنی، بۆنی سیگار و شەراب تێکەڵ بە بۆنی میکیاج و عەترو هەناسە و عارەقە ببو. چراکان تا دەهات کزتر دەکران و هەوەسیش بە جۆش و خرۆشتر دەبوو. میوانانیش لە خۆشی و سەرخۆشیان چیتر بیریان لە گوناح شاردنەوە نەدەکردەوە.

بۆ ئەوەی خەو لە چاوەکانی بڕەوێتەوە، ئەویش دەستی کرد بە ژماردنی قاچی میوانان. بەڵام چەند جار، سەر لەنوێ دەستی بەژماردن دەکردەوە و هەر نەیدەتوانی بیانژمێرێ، چونکە زۆربەیان دوو دوو قاچیان تێکەڵاو ببوون و بە ئاسانی لەیەك جیانەدەکرانەوە.

شەو تا دەهات درەنگتر دەبوو و سەما و خواردنەوە و مۆسیقا و پێڵاو لەیەك خشاندنیش گەرمتر. ئەویش، بە چاوە کزبووە خەواڵوەکانیەوە بەربەرەکانی خەوی دەکرد تابتوانێت دڵی دایکی هەردەم لە چاوەڕێیدا خۆش بکات و پێڵاویکی جوان بە دیاری جەژن بۆ گوڵچینی دراوسێی بکڕێت. جار جاریش لەبەر خۆیەوە دەیورتاند: " ماقووڵانی شار، ئەگەر چی من زۆرم رق لە خیانەتە، بەڵام توخوا، تا هەستتان دەبزوێت و تواناتان هەیە پێڵاو لە پێڵاوی ژنان بخشێنن. من دەزانم بەر لە چوونەوەتان دەبێت دووبارە گوناهەکانتان بە من بشۆرنەوە".

پێڵاو

بە هێمنی لەوان و لەخۆی راما و خەیاڵ وورده ووردە بردیەوە ...." خۆزگە منیش یەکێك لەوانە دەبووم، چی دەبوو ئەگەر خودا تەنیا یەك کەسی تریشی دەوڵەمەند بکردبوایە، منیش ئێستا بە جوانترین پێلاوی لە پێستی مامز دروستکراو لەگەڵ ئافرەتە پووز خرپنە پێڵاو سوورەکە سەمام دەکرد. منیش دەمتوانی، وەکو ئەوان، باشترین و جوانترین پێڵاو لە پێبکەم و قەشەنگترین سەما و خۆبادان بکەم، ئا ... من ئەو کات تەنیا پێڵاوم لە پێـلاوی ئافرەتە پێـلاو سـوورە پـووز سـپیە پڕەکـە دەخشـاند، ئـەو لەهـەموویان جوانـترە و لەهـەموویان ناسـکتر قـاچ لەسـەر یـەکتر دادەنێت و دەیلەنگێنێتەوە. من تەنیا حەز دەکەم پێڵاوی ئەو پاك بکەمەوە... ئەو زۆر بە هێواشی پێڵاو دەخاتە سەر سندووقەکەم و بە فیزێکەوە کراسەکەی بەرز دەکاتەوە، وەیش .... چەند حەزدەکەم یەك جار لەگەڵ ئەو سەما بکەم، بەلاّم ئەو ...... من ......؟! ئاخ لە خۆم ... من و ئەوئاسما ن و رێسمانمان بەینـە، مـن پێڵاوی ئەو پاك دەکەمەوە تا لەگەڵ یەکێکی تر سەما بکات.....! هەناسە سارد خۆم، من تەنیا بۆ پێڵاو پاکردنەوە هاتومەتە سەر دونیا ..... من لەوەتەی هەم پێڵاو بۆیاخ دەکەم، کەچی پێڵاوەکەی خۆم بۆیاخ ناکرێت... نـا ..... مـن قـەت ناتوانم لەگەڵ ئەو سەما بکەم ......"

ئاخ لەم شەوە دوو روو و بێڕەحمە.... ئەوان چ گەرم و گوڕن، ئەویش چ سارد و خامۆشە ... ئـەوان چ سـەرقاڵ و سـەر گـەرم و سـەر خۆشـن، ئـەویش چ بێکـا رو چاوەڕێی و مات ... ئـەوان چـۆن سـەما بەسـەر خـواردن و شـەڕابی رژاو دەکـەن، ئەویش چۆن بۆ لەتێك نانی بە کەباب چەور کراو دۆش داماوە .... کات بۆ ئەوان چ خێرا و بلەزە، بۆ ئەویش چ هێواش و لەسەر خۆ دەڕوات .... ئەو و ئەوان لە یەك شەو و یەك شوێنن، بەلاّم ئەو لە چی و ئەوان لە چی ....

<u>پێڵاو</u>

شەوە درەنگ خەواڵو ببوو و کازێوەی تازە لە خەو هەڵساویش خەریك بوو بەهانایی ئەو شەوە ماندووە بێت و بیحەسێنێتەوە ..... کات درەنگتر و هۆڵیش گەرم و گەرمتر دەبوو .... خشەی پێڵاو لەیەك خشاندنیش باشترین هارمۆنیای مۆسیقا مەستەکەی ئەو شەوە شەهوەتاویەی دەژەنی .... پێکەنینی پیاوە چاو سووربووەکان و قیژەی ئافرەتە گەرم داهاتووەکانیش دەنگی گۆرانیبێژانی وون دەکرد، ئەویش لەودیو دەرگای شوشەیی هۆڵدا، وورده وورده سەری بەسەر شانیدا شۆڕ دەبووە و لەپەکانیشی، وەکو بازاڕەکەی، ساردو سڕ دەبوون و چاوەکانیشی وەکو چرای ئەو شەوە تا دەهات کزتر دەبوون.... لەگەڵ یەکەم کازێوەدا، هێمن سەری خستە سەر سندووقەکەیی و هۆشی لە خۆی بڕا ...... خۆی لە دەست فلچەکەی و فلچەکەش لەدەستی ئەو ....  ئازاد بوون.

فەرهاد سامی
٢٠٠٢/١٢/٨
هەولێر